باڵیۆزخانەی ئەمریکا
نوسینگەی ووتەبێژ

2013-5-4 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

ووتەی باڵیۆزی ئەمریکا ستیڤن بیکرۆفت بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن

ئەمڕۆ ئێمە یادی 20 ساڵەی ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەکەینەوە, کە دەرفەتێکە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و, حکومەتەکان و, دەزگاکانی ڕاگەیاندن و, کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها هاولاتیانی ئاسایی بۆ ئەوەی هانی ئازادی ڕاگەیاندن بدەن لە سەرانسەری جیهاندا, بۆ دوپاتکردنەوەی داکۆکیکردن لە ڕاگەیاندن لە و هێرشانەی دەکرێنە سەر سەربەخۆییەکەی, هەروەها بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژنامەنوسانەی کەوا ژیانی خۆیان بەهۆی پیادەکردنی پیشەکانیانەوە لەدەستداوە. ئازادی قسەکردن و ڕاگەیاندن بەردی بناغەی هەموو مافە دیموکراسیەکانمانە لەبەرئەوەی هاونیشتیمانیەکی ناوشیار بە بێ هەبوونی نابێتە هاونیشتیمانیەکی دیموکرات. لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا باوکانی دامەزرێنەر ئەم مافەیان زۆر بەگرینگی بینیوەو سەرەتا لە یاسای مافەکان جێگەیان کردۆتەوە کەوا ڕایدەگەیەنێ ' گۆنگرێس نابێت هیچ یاسایەک دەربکات...کەوا ئازادی دەربڕین یان قسەکردن سنوردار بکات...'

ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن دەرفەتێکە بۆ هەموومان بۆ ئەوەی دژی سەرکوتکردنی ڕاگەیاندن بوەستینەوەو , بەبیری حکومەتەکانی بێنینەوە کاریان پاراستن و داکۆکیکردنی ئازادی ڕادەربڕین و , پاراستنی ڕۆژنامەنوسانە و, هەروەها دەبێ سنگ کراوەبن بەرامبەر بە بۆچونێک کەلەوانەیە لەگەڵیا هاوڕا نەبن. لەکاتێکدا کەوا دیموکراسی بەشێوەیەکی هەڵکشاو جێگەی دیکتاتۆری گرتۆتەوە لە سەرانسەری جیهاندا, ئازادی ڕادەربڕین بووە بە میکانزمێکی گرنگ بۆ پاراستنی ئە ئازادیە بەزەحمەت بەدەستهاتوانە. ڕۆژنامەنوسان و بلۆگەرەکان هاولاتیان وشیاردەکەنەوەو, حکومەت ڕاستگۆ ڕادەگرن و پەردە لەسەر ڕاستیە نەوخوازراوەکان لادەدەن. ئێمە پێویستە کاربکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی ڕۆژنامەنوسان ناچەوسێنرێنەوەو, هەڕەشەیان لێناکرێ و, پەلامارنادرێن یاخود ناکوژرێن بەهۆی هەوڵدانیان بۆ ووشیاکردنەوەو پەروەردەکردنی هاولاتیان. پێویستە ڕێگربین لەوەی هێڵە نوێکانی تەکنۆلۆجیای نوێ و ئامرازە پێشکەوتوەکانی ڕاگەیاندن و, گرووپەکانی تۆڕبەندی و بلۆگەرەکان کەدەگەنە ملیۆنان کەس سانسۆربکرێن و, دابڕێندرین یان دابخرێن.

لێرە لەعێراق, چەندین گرووپی ئازا هەن خەبات بۆ پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەکەن و چاودێری ئازادی پەیامنێران دەکەن. ئێمە دەستخۆشی لەو ڕێکخراوانەدەکەین کەوا کار بۆ ووشیارکردنەوەی عێراقیەکان دەکەن بە خەبات کردن بۆ مافی ڕۆژنامەنوسان. لەم ڕۆژەدا, پێویستە ئێمەش پابەندبین بە پاراستنی ئەو ئازادیە سەرەکی و بنەڕەتیانە. ئەبێ دان بەوەدابنێین کەوا قبوڵکراو نیە پەلاماری ئازادی ڕادەربڕین بدرێت یان ڕاگەیاندن سنورداربکرێت بە هەڵپەساردنی مۆڵەتی کارکردنەکەی. دیموکراسی تەندروست پێویستی بە ڕێزگرتنی بۆچونی بەرپرسیارانە و , سنگکراوەیی بۆ ڕای جیاواز و پاراستنی ڕۆژنامەنوسان هەیەلە کاتێکدا کارە گرنگەکەی خۆیان ئەنجام دەدەن. هەروەک خەلاتکراوی نۆبڵ –بەڕەچەڵەک میسری نەجیب مەحفوز دەڵێ ' عەقڵی ڕاشناڵ ئەبێ بتوانێ ڕێز لە بۆچونێک بگرێت بێئەوەی بڕوای پێی هەبێت...'

لەکاتێکدا ئێمە یادی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندن دەکەینەوە, با هەموومان پابەند بین بە ووشەکانی مەحفوزو ئەو هەستە شارستانیە قوڵەی لە پشتیەوەیەتی. دیموکراسی بەبێ بوونی ئازادی ڕادەربڕین نابێتەدی, ئەمەش بەرپرسیارێتی هەموومانە ج وەک هاولاتی یان کۆمەڵگای مەدەنی و حکومەت بۆئەوەی ڕێزي لێبگرین و بیپارێزین لە عێراق و, ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە سەرانسەری جیهاندا.